# فیقهی ئاسان: پەرتوکی زەکات: دەروازەی چوارەم : زەکاتی ووشتر وئاژەڵ ورەشە وولاخ

# الفقه الميسر: كتاب الزكاة: الباب الرابع : زكاة بهيمة الأنعام

< kurdish - كردي - کوردی >

دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# زەکاتی ووشتر وئاژەڵ ورەشە وولاخ

ئەم مەسئەلەیە چەند بابەتێك دەگرێتەوە :

مەبەست لە ( بهيمة الانعام ) هەریەك لە ووشتر ورەشە وولاخ ومەڕ وبزنە، ڕەشە وولاخ گامێشیش دەگرێتەوە، چونکە جۆرێکە لە مانگا، هەروەها ووشەی ( الغنم ) هەریەك لە مەڕ وبزن دەگرێتەوە، وە بە هەموویان دەوترێت ( بهيمة الانعام ) چونکە قسە ناکەن، ئەویش لە ووشەی ( الابهام ) وەرگیراوە کە مەبەست پێی شاردنەوە و ناڕوونیە .

**بابەتی یەکەم : مەرجەکانی واجب بوونی زەکات لە ووشتر و ئاژەڵ و ڕەشە وولاخدا:**

زەکات لە ئاژەڵ و ڕەشە وولاخدا بە چەند مەرجێك واجب دەبێت، کە بریتین لەم مەرجانەی لای خوارەوە : -

1-دەبێت ژمارەیان گەشتبێتنە ڕادەی شەرعی واجب بوونی زەکات، ئەویش لە ووشتردا بریتیە لە پێنج ووشتر، و لەڕەشە وولاخ بریتیە لە سی سەر، ولە مەڕ وبزنیشدا بریتیە لە چل سەر، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: {ليس فما دون خمسة ذود صدقة } [1] .

واتا : لە پێنج سەر ووشتر کەمتر زەکاتی تێدا نیە .

هەروەها لەبارەی زەکاتی ڕەشە وولاخیشەوە موعاذی کوڕی جەبەل ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە ودەڵێت : **"بعثني رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) أصدق أهل اليمن، فأمرني أن آخذ من البقر من كل ثلاثين تبيعا، ومن كل أربعين مسنة "** [2] .

(1) بوخاري وموسليم هاوڕان، بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1447) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (979) ڕیوایەتیان کردووە، مەبەست لە ووشەی ( الذود من الابل ) سێ ووشترەوە تا دە دانە ووشتر دەگرێتەوە، ئەم ووشەیەش مێینەی ووشتر دەگرێتەوە لەفزەکە خۆی موفردەی نیە ، ووشەی ( خمس ذود ) وەك ووشەی : ( خمسة أبعرة، وخمسة جمال، وخمس نوق ) وایە .

(2) ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی صەحیحە، ئەحمەد تەخریجی کردووە (240/5)، وە أبو داود بە فەرموودەی ژمارەی (1576) وتیرموذی بە فەرموودەی ژمارە (623) و غەیری ئەوانیش ڕیوایەتیان کردووە، هەروەها شێخ ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە (الإرواء : فەرموودەی ژمارە (795) .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ناردمی كە زەكات لە خەڵكی یەمەن وەربگرم، فەرمانی پێكردم كە لە هەموو سی سەر ڕەشە وولاخێك گویرەكەیەك كە یەك ساڵی تەواو كردبێت وەربگرم، وە لەهەموو چل سەرێكیش ڕەشە ولاخێك كە دوو ساڵی تەوا كرد بێت وەربگرم.

وە لەبارەی زەكاتی مەڕ وبزنیشەوە فەرموویەتی : {فإذا كانت سائمة الرجل ناقصة من أربعين شاة، فليس فيها صدقة } (1) .

واتا : ئەگەر هاتوو كەسێك مەڕ وبزنی كەمتر لە چل سەر هەبوو زەكاتی تێدا واجب نابێت .

2-دەبێت یەك ساڵی تەواو بەساڵی كۆچی لای خاوەنەكەی بەسەریاندا بگەڕێتەوە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی كە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : {لا زكاة في مال حتى يحول عليه الحول } (2) .

واتا : زەكات لە ماڵێكدا واجب نابێت ئەگەر ساڵی بەسەردا نەگەڕێتەوە .

3-دەبێت صیفەتی ( سائمة ) ی هەبێت، كە مەبەست لێی ئەوەیە : ئەو ڕەشە وولاخ و مەڕو بزنە لە لەوەڕگایەك بلەوەڕن كە سروشتی بێت و خوای گەورە ڕواندبێتی بەبێ ئەوەی هیچ كەسێك دەستی لە ڕواندنیدا هەبوو بێت –لە تەواوی ئەو ساڵە یان زۆرینەی ئەو ساڵەدا- چونكە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : {وفي صدقة الغنم في سائمتها، إذا كانت أربعين إلى مائة وعشرين، شاة } (3) .

واتا : زەكاتی مەڕ وبزن كە لە لەوەڕگایەكی سروشتی خوا كردا بلەوەڕین، لە چل سەر هەتاوەكو سەد وبیست سەر شەكە مەڕێك دەدرێت بە زەكاتیاندا .

هەروەها فەرموویەتی : { وفي كل إبل سائمة في أربعين بنت لبون } واتا : ئەو وشترەی كە لە لەوەڕگای سروشتی و خوا كرد بلەوەڕێت لە چل سەر ووشتر ووشترێك كە دوو ساڵی تەواو كردبێت دەدرێت بە زەكاتدا ..

بەڵام ئەگەر هاتوو زۆربەی زۆری ساڵەكە خاوەنەكەی ئالیكی بۆ ئاژەڵ و ڕەشە وولاخەكانی دەكڕی ئەوە پێی ناوترێت ( سائمة ) و زەكاتی تێدا واجب نابێت .

(1) ئەم فەرموودەیە بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1454) ڕیوایەتی كردووە .

(2) ئەم فەرموودەیە تیرموزی بە فەرموودەی ژمارە (631) وابن ماجە بە فەرموودەی ژمارە (1792) ڕیوایەتیان كردووە، وە شێخ ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە ( الإرواء : فەرموودەی ژمارە (782) .

(3) ئەم فەرموودەیە بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1454) ڕیوایەتی كردووە .

4-نابێت خاوەنەکەی بۆ کاروباری خۆی بەکاری بهێنیت لە زەوی کێڵان و گواستنەوەی کەلوپەل، یان هەڵگرتنی شتی قورس، چونکە لەم کاتەدا دەچێتە چوار چێوەی پێداویستیە بنەڕەتیەکانی مرۆڤەوە، وەك چۆن کەسێك زەکاتی لە جلوبەرگی بەری خۆی ناکەوێت بە هەمان شێوە زەکاتیش لەو جۆرە ئاژەڵانە ناکەوێت کە مرۆڤ بۆ پێداویستی بنەڕەتی خۆی بەکاریان دەهێنێت، بەڵام ئەگەر هاتوو درابوون بەکرێ ئەو کاتە زەکات لەو کرێ بەدەستهاتووە دەکەوێت کە خاوەنەکەی بەدەستی دەهێنێت ئەگەر هاتوو ساڵی بەسەردا هاتەوە .

**بابەتی دووەم : ئەو ئەندازەیەی کە واجبە لە زەکاتدا بدرێت :**

1-ئەو ئەندازەیەی کە واجبە لە زەکاتی ووشتردا بدرێت :

ئەندازەی واجب لە زەکاتی ووشتردا بریتیە لەوەی : لە پێنج ووشتر شەکە مەڕێك بدرێت، واتا یەك ساڵی تەواو کرد بێت و پێی خستبێتە دووەم ساڵەوە، یان ئەگەر وویستی لە بزن بیدات با بزنێك بدات کە دوو ساڵی تەواو کردبێت و پێی خستبێتە سێهەم ساڵەوە، وە ئەگەر ژمارەیان گەیشتە دە ووشتر ئەوا با دوو شەکە مەڕ بدات، وە لە پازدە ووشتر سێ شەکە مەڕ، و لە بیست ووشتر چوار شەکە مەڕ، وە ئەگەر ژمارەیان گەیشتە بیست وپێنج تاوەکو سی و پێنج، ئەوا ( بنت مخاض ) ێك دەدات، واتا : ووشترێکی مێینە کە یەك ساڵی تەواو کردبێت وپێی خستبێتە دووەم ساڵەوە، وە بۆیە بەم ناوەوە ( بنت مخاض = کچی وشترێکی ئاوس ) ناونراوە چونکە زۆرجار دایکی ئاوس دەبێت، مەبەست لە ووشەی ( مخاض ) ئاوسە، خۆ ئەگەر هاتوو ئەم ( بنت مخاض ) ـەی نەبوو، ئەوا دەکرێت ( ابن لبنون ) ێك بدات، واتا : ووشترێکی نێرینە کە دوو ساڵی تەواو کردبێت و پێی خستبێتە سێهەم ساڵەوە، وە بۆیە پێی دەوترێت ( ابن لبنون = کوڕی وشترێکی شیردەر ) چونکە زۆر جار دایکی ئەم ووشترە سکی دووەمی بووە و شیری هەیە، خۆ ئەگەر هاتوو ژمارەیان گەیشتە سی وشەش تاوەکو چل وپێنج ئەوا ( بنت لبون ) ێك دەدات، واتا : ووشترێکی مێینە کە دوو ساڵی تەواو کردبێت و پێی خستبێتە سێهەم ساڵەوە .

لە چل وشەش تاوەکو شەست ووشتر ئەوا ( حقة ) یەك دەدات، واتا : ووشترێکی مێینە کە سێ ساڵی تەواو کردبێت و پێی خستبێتە چوارەم ساڵەوە، وە بۆیە پێی دەوترێت ( حقة = شایستە بوون ) چونکە شایستەی ئەوەیە کە کەڵ بگرێت وبۆ ئەو کارە دەشێت، یان ووتراوە : بۆیە بەو ناوەوە ناونراوە چونکە بۆ ئەوە دەشێت کە مرۆڤ سواری ببێت و باری لێ بنێت .

خۆ ئەگەر ژمارەیان گەیشتە شەست ویەك تاوەكو حەفتا وپێنج ووشتر، ئەوا ( جذعة ) یەك دەدات، واتا : ووشترێکی مێینە کە چوار ساڵی تەوا کردبێت و پێی خستبێتە پێنجەم ساڵەوە، وە بۆیە پێی دەوترێت ( جذعة = کەوتوو ) چونکە دانەکانی پێشەوەی کەوتوون، هەروەها لە حەفتا وشەش تاوەكو نەوەد ووشتر، دوو ( بنت لبنون ) دەدات واتا : دوو ووشتری مێینە کە دوو ساڵیان تەواو کردبێت و پێیان خستبێتە سێهەم ساڵەوە .

لە نەوەد ویەکەوە تاوەكو سەد وبیست ووشتر، دوو ( حقة ) دەدات، واتا : دوو ووشتری مێینە کە سێ ساڵیان تەواو کردبێت و پێیان خستبێتە چوارەم ساڵەوە، خۆ ئەگەر هاتوو زیاد لە سەد و بیست بوون، ئەوا لەهەموو چل سەر ووشترێك ووشترێکی مێینە دەدات کە دوو ساڵی تەواو کردبێت و پێی خستبێتە سێهەم ساڵەوە، یاخود لە هەموو پەنجا سەر ووشترێك، ووشترێکی مێینە دەدات کە سێ ساڵی تەواو کردبێت وپێی خستبێتە چوارەم ساڵەوە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ئەنەسی کوڕی مالیك ( خوای لێ ڕازی بێت ) لەبارەی زەکاتەوە ڕیوایەتی کردووە، و تێیدا هاتووە : **{ في أربع وعشرين من الإبل فما دونها من الغنم، من كل خمش شاة، فإذا بلغت خمسا وعشرين إلى خمس وثلاثين ففيها بنت مخاض أنثى .... الحديث }** [1] .

واتا : لە بیست وچوار ووشتر کەمتر لەهەموو پێنج ووشترێك بزن ومەڕ دەدرێت بەزەکاتیاندا، واتا : شەکە مەڕێك، خۆ ئەگەر ژمارەی ووشترەکان گەیشتە بیست وپێنج تاوەكو سی وپێنج، ئەوا ووشترێکی مێینە دەدرێت کە یەك ساڵی تەواو کردبێت و پێی خستبێتە دووەم ساڵەوە ... فەرموودەکە .

ئەمەش خشتەی چۆنیەتی دەرکردنی زەکاتی ووشترە :

| ژمارە | | ئەو ئەندازەیەی کە واجبە بدرێت بە زەکاتدا |
|---|---|---|
| لە | بۆ | |
| 5 | 9 | شەکە مەڕێك |
| 10 | 14 | دوو شەکە مەڕ |
| 15 | 19 | سێ شەکە مەڕ |
| 20 | 24 | چوار شەکە مەڕ |
| 25 | 35 | ( بنت مخاض ) یەك ووشتری مێینە کە یەك ساڵی تەواو کردبێت وپێی |

(1) ئەم فەرموودەیە بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1454) ڕیوایەتی کردووە .

| | | |
|---|---|---|
| خستبێتە دووەم ساڵەوە | | |
| ( بنت لبون ) یەك ووشتری مێینە كە دوو ساڵی تەواو كردبێت وپێی خستبێتە سێهەم ساڵەوە | 45 | 36 |
| ( حقة ) یەك ووشتری مێینە كە سێ ساڵی تەواو كردبێت و پێی خستبێتە چوارەم ساڵەوە | 60 | 46 |
| ( جذعة ) یەك ووشتری مێینە كە چوار ساڵی تەوا كردبێت و پێی خستبێتە پێنجەم ساڵەوە | 75 | 61 |
| ( بنتا لبنون ) دوو وشتری مێینە كە دوو ساڵیان تەواو كردبێت وپێی خستبێتە سێهەم ساڵەوە | 90 | 76 |
| ( حقتان ) دوو یەك ووشتری مێینە كە سێ ساڵی تەواو كردبێت و پێی خستبێتە چوارەم ساڵەوە | 120 | 91 |

خۆ ئەگەر هاتوو زیاد لە سەد و بیست بوون، ئەوا لەهەموو چل سەر ووشترێك ووشترێكی مێینە دەدات كە دوو ساڵی تەواو كردبێت و پێی خستبێتە سێهەم ساڵەوە، یاخود لە هەموو پەنجا سەر ووشترێك، ووشترێكی مێینە دەدات كە سێ ساڵی تەواو كردبێتو پێی خستبێتە چوارەم ساڵەوە .

2- ئەو ئەندازەیەی كە واجبە لە زەكاتی مانگا ورەشە وولاخدا بدرێت :

واجبە لە سی دانە تا دەگاتە سی ونۆ مانگا ( تبيع = شوێنكەوتە )، واتا : گوێرەكەیەكی نێرە كە یەك ساڵی تەواو كردبێت بدرێت لە زەكاتدا، بۆیە بەم ناوەشەوە ناونراوە چونكە لەو تەمەنەدا هەمیشە بە شوێن دایكیەوەیە، وە لە چل تا دەگاتە پەنجا ونۆ، ( مسنة = ددانداز ) گوێرەكەیەكی مێینە كە دوو ساڵی تەواو كردبێت دەبێت بدرێت لە زەكاتدا، وە بۆیە ئەم ناوەی لێنراوە چونكە لەو تەمەنەدا ددانەكانی هەمووی دەرهاتوون، وە لە شەست تا دەگاتە شەست ونۆ، دوو گوێرەكە نێرە كە یەك ساڵیان تەواو كرد بێت بدرێت لە زەكاتدا، خۆ ئەگەر هاتوو لەم ژمارەیە تێپەڕیان كرد، ئەوا لە هەموو سی دانەیەك، گوێرەكەیەكی نێرە كە یەك ساڵی تەواو كردبێت، یان لەهەموو چل دانەیەكیان گوێرەكەیەكی مێینە كە دوو ساڵی تەواو كرد بێت دەدرێت لە زەكاتدا ..

ئەویش بە بەڵگەی فەرموودەکەی موعاذی کوڕی جەبەل ( خوای لێ ڕازی بێت ) کە دەڵێت : "**بعثني رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) أصدق أهل اليمن، فأمرني أن آخذ من البقر من كل ثلاثين تبيعا، ومن كل أربعين مسنة** " (1) .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ناردمی کە زەکات لە خەڵکی یەمەن وەربگرم، فەرمانی پێکردم کە لە هەموو سی سەر ڕەشە وولاخێك گوێرەکەیەك کە یەك ساڵی تەواو کردبێت وەربگرم، وە لەهەموو چل سەرێکیش ڕەشە ولاخێك کە دوو ساڵی تەوا کرد بێت وەربگرم .

ئەمەش خشتەی چۆنیەتی دەرکردنی زەکاتی مانگا ورەشە وولاخە :

| لە | بۆ | ئەو ئەندازەیەی کە واجبە بدرێت بە زەکاتدا |
|---|---|---|
| ژمارە | | |
| 30 | 39 | ( تبيع ) گوێرەکەیەکی نێرە کە یەك ساڵی تەواو کردبێت |
| 40 | 59 | ( مسنة ) گوێرەکەیەکی مێینە کە دوو ساڵی تەواو کردبێت |
| 60 | 69 | (تبيعان ) دوو گوێرەکە نێرە کە یەك ساڵیان تەواو کردبێت |

وە ئەگەر هاتوو لەم ژمارەیە تێپەڕیان کرد، ئەوا لە هەموو سی دانەیەك، گوێرەکەیەکی نێرە کە یەك ساڵی تەواو کردبێت، یان لەهەموو چل دانەیەکیان گوێرەکەیەکی مێینە کە دوو ساڵی تەواو کرد بێت دەدرێت لە زەکاتدا ..

3- ئەو ئەندازەیەی کە واجبە لە زەکاتی مەڕ وبزندا بدرێت : -

واجبە لە چل سەر مەڕ وبزن تا دەگاتە سەد وبیست سەر شەکە مەڕێك بدرێت بە زەکاتیاندا، لە سەد وبیست ویەك تا دەگاتە دوو سەد سەر دوو شەکە مەڕ زەکاتیانە، لە دوو سەد ویەك سەر تا سێ سەد سەر سێ شەکە مەڕ زەکاتیانە، خۆ ئەگەر هاتوو لە سێ سەد سەر زیاتر بوون، ئەوا لە هەموو سەد سەرێك شەکە مەڕێك دەبێت بدرێت لە زەکاتدا .

ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ئەنەسی کوڕی مالیك ( خوای لێ ڕازی بێت ) لەبارەی زەکاتی مەڕ و ماڵاتەوە گێڕاویەتیەوە و تێیدا هاتووە : { وفي صدقة الغنم في سائمتها، إذا كانت

(1) ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی صەحیحە، ئەحمەد تەخریجی کردووە (240/5)، وە أبو داود بە فەرموودەی ژمارەی (1576) وتیرمذی بە فەرموودەی ژمارە (623) و غەیری ئەوانیش ڕیوایەتیان کردووە، هەروەها شێخ ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە (الإرواء : فەرموودەی ژمارە (795) .

**أربعين إلى مائة وعشرين، شاة، فإذا زادت على مائة وعشرين إلى مائتين شاتان، فإذا زادت على مائتين إلى ثلاثمائة ففيها ثلاث، فإذا زادت على ثلاثمائة ففي كل مائة شاة }** [1] .

واتا : زەكاتی مەڕ وبزن كە لە لەوەڕگایەكی سروشتی خوا كردا بلەوەڕین، لە چل سەر هەتاوەكو سەد وبیست سەر شەكە مەڕێك دەدرێت بە زەكاتیاندا، ئەگەر لە سەد وبیست ویەك زیادی كرد تا دەگاتە دوو سەد سەر دوو شەكە مەڕ زەكاتیانە، وە ئەگەر لە دوو سەد ویەك سەر زیادی كرد تا سێ سەد سەر سێ شەكە مەڕ زەكاتیانە، خۆ ئەگەر هاتوو لە سێ سەد سەر زیاتر بوون، ئەوا لە هەموو سەد سەرێك شەكە مەڕێك دەبێت بدرێت لە زەكاتدا .

ئەمەش خشتەی چۆنیەتی دەركردنی زەكاتی مانگا ورەشە وولاخە :

| ژمارە | | ئەو ئەندازەیەی كە واجبە بدرێت بە زەكاتدا |
|---|---|---|
| لە | بۆ | |
| 40 | 120 | ( تبیع ) گوێرەكەیەكی نێرە كە یەك ساڵی تەواو كردبێت |
| 121 | 200 | ( مسنة ) گوێرەكەیەكی مێینە كە دوو ساڵی تەواو كردبێت |
| 201 | 300 | (تبیعان ) دوو گوێرەكە نێرە كە یەك ساڵیان تەواو كردبێت |

وە ئەگەر هاتوو لە سێ سەد سەر زیاتر بوون، ئەوا لە هەموو سەد سەرێك شەكە مەڕێك دەبێت بدرێت لە زەكاتدا .

**بابەتی سێهەم : صیفەتی ئەو ووشتر ومەڕ وماڵات ورەشە وولاخەی كە دەدرێت لە زەكاتدا، دەبێت چۆن بن ؟**

ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە شەریعەتە كامڵ ودادەگەرەكەی هاوسەنگی بەرژەوەندیەكانی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندەكانی زۆر بە ووردی ڕاگرتووە، وایكردووە كە هەژاران و نەداران بە شێوەیەكی تەواو وبێ كەم وكوڕی مافەكانی خۆیان لەزەكات وەربگرن، لە هەمان كاتدا ڕەچاوی ماف وبەرژەوەندی دەوڵەمەندەكانی كردووە، بۆیە لەم سۆنگەیەوە واجبی كردووە ئەو بڕەی كە دەدرێت بە زەكاتدا دەبێت لە ماڵێكی مامناوەند بێت، بە شێوەیەك نەبێت ئەوەی وەردەگیرێت لە خاوەن ماڵەكە هەمووی لە باشترین جۆری ماڵەكە بێت، وە وایش نەبێت هەمووی لە خراپترین جۆری ماڵەكە بێت، وە واجبە لەسەر ئەو فەرمانبەرەی كە زەكاتەكە وەردەگرێت ڕەچاوی ئەو تەمەنە بكات كە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە فەرموودەكانیدا دیاری كردووە، چونكە دروست نیە كەمتر لەو

(1) ئەم فەرموودەیە بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1454) ڕیوایەتی كردووە .

تەمەنەی دیاریکراوە وەربگیرێت، چونکە زیان بە هەژاران و نەداران دەگەیەنێت، وە نابێت لەو تەمەنەیش زیاتر بێت چونکە ستەمە لە مافی دەوڵەمەندەکان دەکرێت .

وە نابێت ئەوەی وەردەگیرێت لە زەکاتدا نەخۆش یان عەیبدار بێت، وە نابێت پیر وپەکەوتە بێت، چونکە هەژاری داماو سودی لێ نابینێت، وە لە بەرامبەریشدا نابێت هەموویشی لە ئاژەڵ و مەڕ ومالاتی زۆر قەڵەوی گۆشتن بن، یان لەوانە بن کە کار وبەرخ وگوێرەکەیان بە بەرەوەیە، یان ئاوسن وچاوەڕوانی زاینیان دەکەن، یان لەو ئاژەڵە نێرانە بن کە تایبەت کراون بە کەڵدانی مێینەکان، یان لە باشترینی مالاتەکە بن؛ چونکە ئەو جۆرە بەڕێزترین وبەنرخترینیانە لای خاوەنەکەی وزیانی پێدەگەیەنێت، ئەمەش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : **{ .... وإياك من كرائم أموالهم }** [(1)] .

واتا : ئاگاداری ئەوە بن نزیك مەکەونەوە لەو مەڕو مالاتەی کە باشترین جۆریانن وبەنرخترینیانن لای خاوەنەکانیان .

هەروەها عومەری کوڕی خەتاب ( خوای لێ ڕازی بێت ) بە سوفیانی فەرمانبەری زەکاتی ووت : **" قل لقومك : إنا ندع لكم الربى، والماخض، وذات اللحم، وفحل الغنم، ونأخذ الجذع والثنى، وذلك وسط بيننا وبينكم في المال " .**

واتا : بڵێ بە هۆزەکەت کە ئێمە واز دەهێنین لەو ئاژەڵانەی کە کار وبەرخ وگوێرەکەیان بە بەرەوەیە، لەگەڵ ئەوانەی کە ئاوسن، و ئەوانەیش قەڵەو وگۆشتنن، هەروەها ئەو ئاژەڵە نێرانەش کە بۆ کەڵدانی مەڕ وبزن تەرخان کراون، بەڵکو ئێمە ........ بەو جۆرە ئەوەی وەریدەگرین لە ماڵ وسامان ئەندازەیەکی ناوەنجگیرە لەنێوان ئێمە و ئێوەدا .

**بابەتی چوارەم : دەربارەی زەکاتی مەڕ ومالات و ئاژەڵی تێکەڵاو : -**

ئەمەش دوو جۆرە : -

**جۆری یەکەم** : تێکەڵاوی لە جۆری ئاژەڵەکاندا، ئەویش بەشێوەیەك کە ئەو مەڕ ومالات و ئاژەڵە هاوبەش بێت لەنێوانیان دووکەس لە موڵکداریەتیدا بەجۆرێك نەتوانرێت بەشی هەریەکێکیان جیا بکرێتەوە لە شەریك وهاوبەشەکەی تری، ئەم جۆرە تێکەلاویەش لە ماڵدا دەکرێت بەهۆی میرات

---

(1) بوخاری و موسلیم هاوڕان، بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1503) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (984) ڕیوایەتیان کردووە .

وەرگرتنەوە بێت، یان بەهۆی ئەوەوە بێت کە هەردووکیان پێکەوە ئەو ڕانە مەڕ وبزنە یان ئەو ئاژەڵەیان کڕی بێت .

**جۆری دووەم :** تێکەڵاوی لە وەصفی شەریکەکاندا، ئەویش بەشێوەیەکە کە بەش وپشکی هەریەك لە شەریکەکان جیاواز ودیارە لە بەش وپشکی هاوبەش وشەریکەکەی تری، بەڵام ئەوەندە هەیە هەردوولایان پێکەوە مەڕ وماڵاتەکەیان تێکەڵاو کردووە وبوون بەیەك ئاژەڵ وهاوبەشن لە موڵکداریەتیاندا .

هەردوو جۆرەکەی تیکەڵاوی وەك یەك ماڵ هەژمار دەکرێت بۆ واجب بوونی زەکات، ئەگەر هاتوو پێکەوە گەیشتنە ڕادەی واجب بوونی زەکات ( نصاب )، وە هەردوو شەریك وهاوبەشەکەش لەو کەسانە بن کە زەکاتیان لەسەر واجبە، بەشێوەیەك ئەگەر هاتوو یەکێك لە شەریکەکان بێباوەڕ بوو، ئەوا ئەو تێکەڵاوی و شەریکیە حسابی یەك ماڵی بۆ ناکرێت، وە دەبێت هەردوو ماڵە تێکەڵاوەکە هاوبەش بن لە شوێنی مانەوە و پەچە و گەوڕ وپشودانیان، وە دەبێت بەیانیان پێکەوە دەربکرێن بۆ لەوەڕگا، وئێوارانیش هەر پێکەوە بگەڕێنەوە، وە دەبێت هاوبەش بن لە لەوەڕگا و شوێنی دۆشین وکەڵگرتن و گەڵدانی مێینەکانیان .

جا ئەگەر هاتوو ئەم مەرجانە هاتنەدی ئەو کاتە وەك یەك ماڵیان لێدێت بەهۆی ئەو تێکەڵاویەی کە ڕوویداوە لەنێوانیاندا، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { لا يجمع بين متفرق، ولا يفرق بين مجتمع، خشية الصدقة، وماكان من خليطين فإنهما يتراجعان بينهما بالسوية } [(1)] .

واتا : نـابێت مەر وماڵاتێکی جودا لەیەك کۆ بکرێنەوە بۆ ئەوەی زەکاتیان لێوەربگیرێت، وە نـابێت مـەڕ ومـاڵاتێکی کۆ کراوەیش لە ترسی واجب وونی زەکات لەیەك جیا بکرێنەوە، وە ئەو مـەڕ ومـاڵاتەیشی کە هـاوبـەش وتێکەڵاوی چەند کەسێکە ئەوا ئەو زەکاتەی کە واجب دەبێت لەسەریان بەیەکسانی بەسەریاندا دابەش دەکرێت .

هەر بۆیە دەبێت بزانین تێکەڵاوی و هاوبەشی کاریگەری خۆی دەبێت لە واجب بوون ونەبوونی زەکاتدا، بەتایبەتی لە مەڕ وماڵات و ڕەشە ووڵاخ و ووشتر، نەك شتی تردا .

(1) تیرموذی بە فەرموودەی ژمارە (621) و غەیری ئەویش ڕیوایەتیان کردووە، ئەم فەرموودەیە بەشێکە لەو فەرموودە درێژەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کە لەبارەی زەکاتەوە فەرموویەتی، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە ( الإرواء فەرموودەی ژمارە - 792 - ) .

نموونەی ئەو کۆکردنەوە جیاوازەش : سێ کەس هەریەکێکیان خاوەنی چل سەر مەر وبزنن، کۆی هەرسێکیان دەکاتە سەد وبیست سەر، ئەگەر بێتۆ هەر یەکێکیان بە جیا حسابمان بۆ کردن ئەوا سێ شەکە مەڕیان لەسەر واجب دەبێت بیدەن بە زەکاتدا، بەڵام ئەگەر هاتوو هەموو مەڕ وبزنەکانمان پێکەوە وەك یەك ماڵ حسابکرد ئەو کاتە تەنها یەك شەکە مەڕ زەکاتی دەکەوێت، لێرەدا چەند ماڵێکی جیاوازیان پێکەوە کۆ کردوەتەوە بە حوکمی ئەوەی هاوبەشن بەو مەرجانەی پێشتر باسمان لێوە کردن، تاوەکو سێ شەکە مەڕیان لەسەر واجب نەبێت بەڵکو تەنها دانەیەك بدەن بە زەکاتدا .

نموونەی جیاکردنەوە لە نێوان ماڵاتێکی کۆکراوەدا : کەسێك چل سەر مەڕی هەیە، کاتێك زانی کە فەرمانبەری زەکات کۆکردنەوە دێت هەر بیست سەری کردە کۆزە وپەچەیەکەوە، بیست سەریان لەجێگایەك و بیسە سەرەکەی تریشیان لەجێگایەکی تر، بۆ ئەوەی زەکاتی لێوەرنەگرن، چونکە بەجیا جیا هەر بەشێکیان نەگەیشتونەتە ڕادی واجب بوونی زەکات ..